# گیروگرفت و دیاردە جیاوازەکانی ڕێنووس لە نووسینی کوردیدا

**کازم عەباس عەلی(زەندی)**

**(١ - ٢)**

## دەستپێک

هیچ تایبەتمەندییەک بۆ نەتەوەی داگیرکراو و بێ دەسەڵات پارێزراو نییە، چونکە ئەگەر داگیرکەران بتوانن و بۆیان بلوێت هەموو سیفەتێکی چاک و ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە کولتوور و هونەر و دابونەریتی نەتەوە ژێر دەستەکانیاندا هەیە، ئەگەر بە پەسندی بزانن، خۆماڵی دەکەن و خۆیان دەکەن بە خاوەنی.

زمانی کوردی ئەو زمانەیە، کە بە درێژایی مێژووی دوو هەزار ساڵە و زیاتر کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەکانی زمانی ئایین و دەسەڵاتی داگیرکەران لەیەک کاتدا، بەڵام وەک زمانێکی سەربەخۆ ماوەتەوە و نەتواوەتەوە، چونکە بنەماکانی لەسەر بنکە و بناغەیەکی پتەو و بەهێز دامەزراون، بەڵام هەروەک دەزانین نووسین و ڕێنووسی زمانی نەتەوەی داگیرکراو هەردەم دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو ئەلفوبێیەی کە داگیرکەران لە نووسیندا پەیڕەوی دەکەن، چونکە دەوڵەت و دەسەڵات بە سیستمی خوێندن و پەروەردە و لە ڕێگەی سەپاندن و بەکارهێنانی زمان لە دامودەزگاکاندا دەتوانن ئەو مەبەستەی هەیانبێت جێبەجێی بکەن، بۆیە نووسین و ڕێنووسی کوردی هەر لە دەستپێکەوە بە لاسایی زمانە داگیرکەرەکان دەستی پێ کردووە.

هەروەک ئاشکرایە کە لە کۆندا هەبوونی دەسەڵات و دەقی ئایینی بۆ داهاتووی نەتەوەکان گرنگترین و کاریگەرترین هۆکار بووە بۆ دەرکەوتن و مانەوە و زیندوویەتی زمانەکان، چونکە زمانی ئایین دەبووە زمانی خوێندن لە پەرستگا و کڵێسە و مزگەوتەکاندا، ئەمەش دەبووە پارێزەری دەستەواژەکان بۆ ئەو زمانەی کە دەقەکەی پێ دەنووسرایەوە، لە هەمان کاتدا دەبووە یاریدەدەریش بۆ نزیکبوونەوەی شێوە ئاخاوتنە جیاوازەکان لەنێو زمانێکی سەربەخۆدا لە ڕێی پەروەردە بوونی خەڵک بەو زمانە ئایینییە تایبەتەوە، زمانی

دەسەڵاتیش دەبووە دەرخەری قۆناغەکانی پێشکەوتن و گۆڕانی زمانەکە لەڕێی فێربوونی نووسین و نووسراوی دامودەزگاکانی فەرمانڕەوایەتی، ئەمەش سەردەم و ڕێڕەوی گەشە و گۆڕانکارییەکانی زمانی بە ڕێنووس و ڕێزمانەوە دەستنیشان دەکرد، دەرئەنجامی هەبوونی ئەم دوو هۆکارەش دەبووە هۆی پێشکەوتن و ناسراوی و گەشەی ئەدەبی لە زمانەکەدا، بەڵام لە ئێستا و لەسەردەمی نوێدا لەپاڵ هەبوونی ئەم هۆکارانەدا بە پرۆسەی خوێندن لە فێرگە و قوتابخانە و زانکۆکان و خۆشەویستی زمان و زۆری ئاخێوەران لەگەڵ ڕادەی بەرزی هەستی نەتەوەیی و هۆشیاری و خوێندەواری و پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و پیشەسازی و بەکارهێنانی زمان لەبوارەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی...تاد گرنگترین هۆکارن بۆ باڵادەستی و زیندوویەتی زمانەکان.

نووسین و ئاخاوتن بۆ زمان دوو کرداری تەواوکەری یەکترن، چونکە زمان دوو دیوی هەیە: ئەویش ئاخاوتن و نووسینە، بەڵام ئاخاوتن ڕەسەنترە و پێش نووسین کەوتووە(١)، نووسین بۆ خوێندنەوەیە، ڕێنووسی لێ هەڵهێنجراوە، زمان بۆ ئاخاوتنە، ڕێزمانی لێ هەڵهێنجراوە، هەردوو کرداریش بەیەکەوە بۆ مەبەستی تێگەیشتن و تێگەیاندنە، بەڵام دەتوانین ئەوە بڵێین کە لە سەرەتا و دەستپێکدا نووسین هونەرێکی بێ یاسا بووە، پاشان بووە بە زانست و نووسینی هەرەمەکی و شێوە جیاوازەکانی خستووەتە چوارچێوەی چەند یاسا و ڕێسایەک، هەروەک زانستی ڕێزمان کە ئاخاوتنی هەڕەمەکی و سەر شەقام و جیاوازی نێوان شێوەزارەکانی خستووەتە چوارچێوەی چەند بنەواشە و بنەمایەک.

## دەروازەی باس

هەندێک لەو لێکۆڵینەوانەی کە کراون، ئەوە دەگەیەنن، کە زۆربەی ئەو ئەلفوبێیانەی لە ڕۆژهەڵات و خوارووی سووریادا بەکارهێنراون کە ئەلفوبێی عەرەبیش یەکێکە لەوان لق و چڵی ئارامین، واتا لە برێکی ((ئارامییەوە)) لقێکی ((نبطی)) لێ بووەتەوە، لەویشەوە چڵێکی تری لێ دەرچووە، کە بۆ نووسین و خوێندنەوەی عەرەبی بەکار هێنراوە، هەروەها ئەم شێوەیەی ئێستای عەرەبیش کتوپڕ نەهاتووەتە کایەوە، بەڵکو لە پەیدابوونییەوە تا ئەمڕۆ گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە (٢)، وەک ئاشکراشە کە ئایینی ئیسلام زۆر دەمێکە کاری کردووەتە سەر هەموو لایەنێکی زمانی زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست، کە



تۆفیق وەهبی

یەکێکیان گەلی کوردی ئێمەیە، ڕوویەک لە ڕووە گرنگەکانی ئەم کارتێکردنەش ئەوەیە کە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە کوردستاندا خوێندەواری کورد وەک خوێندەواری هەموو گەلە موسڵمانەکانی تر، چاوی بە ئەلفوبێی عەرەبی کرایەوە و دەستی بە نووسینی ئەو ئەلفوبێیە ڕاهات، بۆیە هەرچی میراتی ڕۆشنبیری و زاراوەی نەتەوایەتی کورد هەیە لە دوای موسڵمان بوونییەوە بەم ئەلفوبێیە نووسراوەتەوە، تا ئیمڕۆش پتر لە نیوەی خوێندەواری کورد هەر بەم ئەلفوبێیە دەنووسن(٣)، چونکە عەرەبەکان بەرەو ڕۆژهەڵات ئاژنیان ناو بڵاوبوونەوە، هەر وڵاتێکیان دەگرت بێجگە لە ئایینی ئیسلام، زمانی عەرەبیشیان لە کاروباری دەوڵەتدا بەکار دەهێنا، ئەم زمانە لە ڕۆژهەڵاتدا بوو بە زمانێکی حوکمڕان(٤)، ئەمەش کاریگەری لەسەر زمانی نەتەوە موسڵمانەکان هەبوو، چونکە لەلایەکەوە بیروباوەڕی بە ئیسلامبوون کەوتبووە سەرووی بەرژەوەندی زمان و نەتەوەکانەوە، لەلایەکی ترەوە ڕێگە نەدەدرا دەقی قورئان لە زمانی عەرەبییەوە وەربگێڕێتە سەر زمانی ئەو نەتەوانەی کە عەرەب نەبوون، ئەمەش وایکرد کە نەتەوە غەیرە عەرەبەکان لەڕێی خوێندنەوەی قورئانەوە ئاشنای زمان و نووسین و ڕێنووسی عەرەبی بن، بەڵام لە دوای دامەزراندنی وڵاتە نەتەوەییەکانی (ترک و عەرەب و فارس و...تاد) و دەستنیشانکردنی سنوورەکان بە پێی جیاوازی زمان و هێزی دەسەڵاتەکان، هاوکێشەو لێکدانەوەکان گۆڕانیان بەسەرداهات، چونکە

ئەم وڵاتانە لە هەر پارچەیەکدا ئەلفوبێیەکیان بە تایبەتمەندی زمانی خۆیان بەکارهێنا، لە ئەنجامدا توانییان خوێندەواری کورد ناچار بکەن تا فێرە خوێندن و نووسین و ڕاهاتووی شێوە ڕێنووسەکانی ئەوان بن، ئەم جیاوازییەش لە پەیڕەوکردنی ئەلفوبێیەکاندا لە نێوان وڵاتە داگیرکەرەکاندا بووە هۆی پەیدابوونی جیاوازی لە ڕێنووسی کوردی لە هەر پارچەیەکی داگیرکراویدا.

بە پێی کۆنترین نووسینی کوردی کە سروود و گاتاکانە دەردەکەوێت کە ئێمەی کورد هەروەک فارس بەر لە ئیسلامیش ئاشنای ئەلفوبێی ئارامی بووینە، کە ئێستا بە ئەلفوبێی عەرەبی ناسراوە، چونکە لە دوای لەناوچوونی میدییەکان و سەرکەوتنی کۆرشی هەخامەنشی (٥٥٣پ، ز) و لە دواتردا گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن داریۆشی یەکەمەوە(٥٢٣پ، ز)، ڕێنووسی تازە بۆ یەکەم جار هاتە ئێران و بڵاوکرایەوە، ڕێنووسەکەش فینیقی بوو لە ڕێگەی ئارامییەکانەوە هاتە ئێران، ئارامییەکانیش نەتەوەیەک بوون لە ڕۆژهەڵاتی زێی ئوردن و دەریاچەی مردوو (بحر الميت) دەژیان، ئەو ڕێنووسەش دواتر بە ڕێنووسی پەهلەوی ناسرا، خەتی پەهلەوی کە هەندێک باوەڕیان وایە لە سەردەمی ئەشکانی و ساسانییەکان هاتووەتە کایەوە، بەڵام بەهۆی «داریۆش»ەوە هاتە ئێران و ماوەیەکی خایاند تا بووە جێگرەوەی خەتی بزماری(٥)، یەکەم کاریش کە بەم ئەلفوبێیە کرا وەرگێڕانی زمان و خەت و نووسینەوەی ئاڤێستا بوو کە بە زمانی میدی و خەتی بزماری بوو بۆ سەر زمانی فارسی و خەتی ئارامی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی هەمان ئەو مێژووەی بۆ دروست ببێت کە نووسینی فارسی هەیەتی، چونکە ڕاستییەکەی ئەو خاکەی کە بەدرێژایی مێژوو بە کوردنشین ناسراوە بەشی هەرە زۆری لەژێر سێبەری ئەو دەسەڵاتەدا بووە کە فارس حوکمی تێدا گێڕاوە، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نایەت تا بڵێین زمانی کوردی لە فارسییەوە کەوتووەتەوە، چونکە هەردوو زمان بنەما ڕێزمانییەکانیان وەک دوو زمانی سەربەخۆ داڕێژراوە و گەشەیان کردووە، ئەگەرچی لەڕەگوڕیشە و دروستبوونی دەستەواژەکاندا هاوبەشیشیان لە نێواندایە، بە پێی سەرچاوە ئاشوورییەکان بۆ یەکەم جار لە ناوچەی خوارووی دەریاچەی ورمێ، ئاماژەیان بە دەرکەوتنی دوو کۆمەڵە مرۆڤی جیا کردووە، لەناو ئەم سەرچاوانەدا ناوی پارس لە ساڵی (٨٤٤-پ، ز)- ماد لە ساڵی (٨٣٦ پ، ز) باسیان لێوە کراوە(٦)، بەڵام فارسەکان بەهۆی حوکم و دەسەڵاتەوە توانییان بەر لە کوردەکان بە تایبەتمەندییەکانی خۆیان ئەلفوبێی عەرەبی لەگەڵ نووسینی خۆیاندا بگونجێنن، چونکە بۆ چەندان سەدە بەر لە هاتنی ئیسلام زمانەکەیان بووبووە زمانی ئایین و دەسەڵات، نووسین و خوێندنی پێ کرابوو، بۆیە لە دوای بە ئیسلامبوونیش توانییان تایبەتمەندی خۆیان و جیاوازی لە نێوان ڕێنووسی خۆیان و عەرەبیدا بەدەربخەن و ڕاهاتن و فێربوونیش لەلایەن خوێندەوارانی خۆیان دروست بکەن، کۆنترین دەستنووس و چاپکراوی کوردیش ئەوە دەگەیەنن کە نووسەرانی کورد وەک فارسەکان بۆ هەندێک لەو دەنگە کۆنستانتانەی کە لە زمانی عەرەبیدا نەبوون و لە ئەلفوبێیاندا نیگاریان دەست نەکەوتووە، بەدانانی سێ خاڵ چاریان کردووە وەک (پ، ژ، چ، ڤ)(٧)

دەتوانین ساڵی (١٨٧٩ز) بۆ لەچاپدراوی نووسینی کوردی بەسەرەتا دابنێین، بەڵێ لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان، زۆر نووسراوی دەستخەت هەبووە و هەیە، بەڵام تا ئەو کاتە لەچاپدراوی کوردی دیار نییە، لەم ساڵەدا ((م - ئۆگست ژابا)) قامووسێکی کوردی - فەڕەنسی داناوە، وشە کوردییەکانی بەپیتی عەرەبی فارسییانە لە چاپ داوە(٨)، نووسینی نوێش بەدیاریکراوی لەدوای پەیدابوونی ئامێری چاپەمەنی و بەکارهێنانی لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەرگیز دەنگ و پیت و تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی بەهەند وەرنەگیراوە، بۆیە لە هەندێک گۆڤار و بڵاوکراوەی کوردی بەکارهێنانی پیتێک دەبینرێ، لەدواتردا نابینرێت، ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە چاپخانەکان قاڵب و نیگاری ئەم پیتانەیان نەبووە کە لە زمانی خۆیاندا (واتە داگیرکەرەکان) بەکارهێنانی نەبووە، هەروەک پیتی (گ) کە لە دەستنووسی کۆن و یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان - ١٨٩٨-١٩٠٢)، ئەوە دەگەیەنێ کە لە مێژەوە ئەم نیگارە دانراوە، بەڵام هۆی نەبینینی لە ڕۆژنامەی پێشکەوتندا (١٩٢٠-١٩٢٢) دەبێ نەبوونی ئەو پیتە بووبێت لەو چاپخانەیەدا کە لێی چاپکراوە(٩).

یەکەم هەوڵیش بۆ دانانی ئەلفوبێیەکی جیاواز لە ئەلفوبێی عەرەبی بۆ نووسینی کوردی لە سەدەی نۆزدەیەم لە ئەرمینیا بوو، کە ئەوکات ئەرمینیا لەژێر دەسەڵاتی ڕووسیای قەیسەریدا بوو، بەڵام ئەو ئەلفوبێیەی کە دانرابوو سەرکەوتوو نەبوو، چونکە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان دەنگە کوردی و ئەرمەنییەکاندا هەبوو، پاشان ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (بیوتر لیرخ) هەوڵی دا کە ئەلفوبێیەکی تری تایبەت بە نووسینی کوردی دابنێت،

بەڵام ئەویش سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ڕژێمی قەیسەری ئەو کات بایەخی بەم بابەتە نەدا و پاڵپشتی ئەو پرۆژەیەی نەکرد، بەڵام لە ساڵی (١٩٢٠ز) لە سۆڤیەتی جاران چەند قوتابخانەیەکی کوردی دامەزرێنران کە بە زمانی کوردی وانەیان تێدا دەخوێنرا، ئەو ئەلفوبێیەی کە بەکاردەهێنرا ئەلفوبێی کوردی بوو بە پیتی ئەرمەنی کە زمانەوانی ئەرمەنی ئاگوب گارزیان ناسراو بە (لازوا) دایناپوو، یەکەم کتێبیش کە بەم ئەلفوبێیە نووسراو خوێنرایەوە بەناوی (ڕۆژ - شمس) بوو، ئەم ئەلفوبێیەش لە گیروگرفت و نەگونجاوی دوور نەبوو، بۆیە لە لایەن مامۆستاکانەوە داوای ئەوە دەکرا کە ئەلفوبێیەکی تر تاقی بکرێتەوە کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی دەنگ و دەربڕینی کوردیدا بگونجێت، ئەوەبوو لەساڵی (١٩٢٧ز) عەرەبی شەمۆ ئەو ئەلفوبێیەی دانا کە دواتر لە قوتابخانە کوردییەکاندا پەیڕەوکراو بووە هۆی ئەوەی کە خوێندەواری بە ئەلفوبێی لاتینی کوردی بڵاو ببێتەوە(١٠)، لە هەمان کات و دواتر چەندان ئەلفوبێی تر دانران، مامۆستا حاجی جندی (کتێبا ئەلفبا-١٩٣١) کە بەزۆری پیتی لاتینی ئینگلیزی بوو، چەند پیتێکی لاتینی ڕووسی و فەرەنسیشی تێدابوو، پاشان لەساڵی ١٩٥٧ جارێکی تر مامۆستا حاجی جندی و ف - جواری، کتێبێکی تریان بە ناوی (ئەلفبا) لە ئێریڤان بەپیتی لاتینی ڕووسی بڵاوکردەوە، لە کوردستانی باشووریش لە ساڵی (١٩٢٠ز) محەمەد زەکی و میرزا محەمەد باشقە ئەلفوبێیەکی کوردییان بە پیتی لاتینی ئینگلیزی بەناوی کتابی (ئەوەلەمینی قرائەتی کوردی) بڵاوکردەوە، ئەم کتێبە سێ لاپەڕە بوو، بە فارسی و تورکی بەپێی دەنگ پێناسەی پیتەکانیان کردبوو، پاشان چەندان ئەلفوبێی تر پێشنیارکران، مامۆستا تۆفیق وەهبی(خوێندەواری باو - ١٩٣٣)، پیتەکانی ئەم نووسراوە بە پیتی لاتینی ئینگلیزی بوو، دکتۆر جەمال نەبەز (نووسینی کوردی بەلاتینی - ١٩٥٧)، گیو موکریانی ساڵی ١٩٧٢ ئەلفوبێی کوردی وێنەدار بەپیتی لاتینی بڵاوکردەوە، دکتۆر کامەران عالی بەدرخان (ئەلفوبێیا من - ١٩٣٨) لە شام کە بە پیتی لاتینی فەرەنسی بوو (١١)،

کوردەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و تورکیا و سووریا پیتی لاتینییان بۆ زمانی کوردی پەسەندکرد و بردییانە سەر، بەڵام لە کوردستانی ئێراق هەر چەندە سێ جۆر پیتی لاتینییان بۆ ڕێنووسی کوردی داهێنا و نووسراویشیان پێ چاپ کرد، بەڵام بۆیان نەچووە سەر، هەرچی کوردستانی ئێران بوو هیچ جووڵەیەکی لەم جۆرەی تێدا ڕووی نەدا، ئەوەی سەرنج دەدرێت لاتینییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و تورکیا و سووریا یەک ناگرنەوە، بەڵام هی تورکیا و سووریا لە یەکترەوە نزیکترن، لاتینییەکانی ئێراقیش دیسانەوە یەک ناگرنەوە، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە هەر یەکە لەسەر بنچینەیەک دایمەزراندووە وەک ڕێنووسی ئینگلیزی و فەرەنسی و ڕووسی، یان لەسەر بنچینەی هەموویان دایمەزراندووە(١٢)

هەرچەندە چەندان ئەلفوبێ دانراو پێشنیارکرا، بەڵام هیچیان جێبەجێ نەکران، چونکە پاڵپشتی هیچ دەسەڵاتێکی لەگەڵدا نەبوو، بەڵکو هەر ئەو ئەلفوبێیانە پەیڕەوکران کە وڵاتە داگیرکەرەکان بەکاریان دەهێنان، بەبەڵگەی ئەوەی هەتا ئەو ئەلفوبێیەی کە لە ئەرمینیای سۆڤیەتیش بۆ کوردان جێبەجێکرا، پاشان بە بڕیاری دەوڵەت لەکارخراو ئەلفوبای سیریلی سەپێنرا، ئەو ئەلفوبێیەی کە لەکوردستانی باشووریش، کە لەسەردەمی ئینتیدابی بەریتانی پێشنیارکرا هەرگیز گوێی پێ نەدراو هیچیشی لێ شین نەبوو، چونکە ئێراق بۆ عەرەب دروست کرا، عەرەبیش پیتەکانی خۆیان بەکارهێنا، لە ڕۆژهەڵاتیشدا نووسینی کوردی هەروەک خۆی مایەوە، چونکە نووسینی فارسی هەر بە ئەلفوبێی عەرەبی مایەوە و دەستکاری نەکرا، لەسەردەستی ڕەزا شادا لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی توانرا زمان و ڕێنووسی فارسی لە ئێران بەسەر هەموو زمانە ژێردەستەکاندا بسەپێنرێت کە زمانی کوردیش یەکێک بوو لەو زمانانە(١٣)، بەڵام لە تورکیا لاتینی جێبەجێکرا، چونکە بەویستی تورک و بەبڕیاری دەوڵەت بوو، ئینجا بەهەندێک دەستکارییەوە هەروەک چۆن دەستکاری ئەلفوبێی عەرەبی کراوە و لەگەڵ نووسینی کوردیدا گونجێنراوە، بەهەمان شێوە لاتینی تورکی و فەرەنسی دەستکاری کران و نووسینی کوردی پێ کرا، کەواتە لەدوای هەموو پێشنیار و دانانی ئەلفوبێکان هەر ئەو ئەلفوبێیانە بەکار هێنران کە وڵاتە داگیرکەرەکان بەکاریان هێناوە.

## ڕاست و ناڕاست لە ڕێنووسدا

گرنگترین خاڵ لە ڕێنووسدا ئەوەیە کە خوێنەر توانایی خوێندنەوە و تێگەیشتنی نووسینەکەی هەبێت، بەڵام گونجاوترین ڕێنووس ئەو ڕێنووسەیە کە فێربوون و پەیڕەوکردن و شیکردنەوە و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی بەلای نووسەر و خوێنەرەوە ئاڵۆز و گران نەبێت، جوانترین ڕێنووسیش ئەو ڕێنووسەیە کە سەلیقە و دەستڕەنگینی نووسەری تێدا دەربکەوێت کە سەرنج و حەز و ئارەزووی خوێنەر بەدوای خۆیدا ڕابکێشێت،

ئاسانترین ڕێنووسیش ئەو ڕێنووسەیە کە دەست ڕاهاتنی نووسەرانی بە ئاسانی لەسەر دروست ببێت، بەڵام ڕاستترین ڕێنووس ئەو ڕێنووسەیە کە پێشنیار و ڕێنماییەکانی وەک یاسا بەپێی پێوەر و بنەما بنەڕەتییەکانی زمان داڕێژرابێت، ناڕاستترین ڕێنووسیش ئەو ڕێنووسەیە کە نووسینەکە پەیڕەوی هیچ یاسا و ڕێسایەکی تێدا نەکرابێت و بەشێوەیەکی تێکەڵ و هەڕەمەکی دەستەواژەکان نووسرابن.

بڕیاردان لەسەر لایەنگری لە ڕاستی و ناڕاستی نووسینی دەستەواژەکان لە ڕێنووسدا پێچەوانەی لایەنگرییە لە بنەما بنچینەییەکانی زمان لە ڕێزماندا، چونکە بنەما لە ڕێزماندا وەک دەستوور وایە، نە دەتوانرێت لێی لابدریت و نەدەتوانرێت یاسایەکی دروستکراوی بۆ دروست بکرێت، بۆ نموونە کە دەڵێین هەموو چاوگێک لە زمانی کوردیدا بە چەند پیتێکی دیاریکراو نیشانەکانی دروست دەبێت و بە (ن) کۆتایی دێت، یان کە دەڵێین کاری ڕانەبوردوو هەردەم بە نیشانەکانی (دە- دێ - د - ئە) دروست دەبێت...تاد، ئەمانە بنەمای نەگۆڕن و ناتوانین بیروبۆچوونی جیاوازتری لێ دروست بکەین، بەڵام لە ڕێنووسدا دەتوانین هەندێک یاسا بەپێی بیروبۆچوونی تایبەتی خۆمان دروست بکەین، یان هەندێک بیروبۆچوونی تێدا بەتێپەڕینی کات بگۆڕین و بە پێی گونجان و ڕێککەوتن، دەستکاری و پێشنیار و ڕێنماییەکانی تێدا هەموار بکەین، بۆ نموونە دەتوانین لکاندن و نەلکاندنی وشە و پێشگر و پاشگر و نیشانە و جێناو و ئامرازەکان بە یەکترەوە بە چەند یاسایەک ڕێک بخەین کە خۆمان دروستی دەکەین، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەدایە کە سیستمی نووسین پێوەندی بە نەژادی زمانەوە نییە، چونکە سەدان هەزار ساڵ پێش پەیدابوون و داهاتنی نووسین، زمان هەر هەبووە، زمان دیاردەیەکی سروشتییە لە ژوور ڕکێفی یاسا سروشتییەکانەوە کار دەکات و لەژوور دەسەڵاتی مرۆڤەوەیە، کەچی نووسین دەستکردە وەک هەر یاسایەکی تری دانراو، مرۆڤ هەمیشە دەتوانێت دەستکارییان بکات و بەپێی گۆڕینی بارودۆخ و پێویست بیانگۆڕێت (١٤)، کەواتە کرداری ڕێنووس ئەو یاسا نەگۆڕ و ڕەهایەی نییە کە ئەگەر لە هەر کاتێکدا لەو یاسایە لابدەیت ڕاستی و ناڕاستی ڕێنووسی دەستەواژەکانت بۆ دەربکەوێت، چونکە دەتوانرێت ڕێنووسی دەستەواژەیەک بە چەند جۆرێک بنووسرێت و لەیەک کاتدا بەڕاستیش بزانرێت، ئەمەش وادەکات کە ڕێنووسی هیچ زمانێک بێ گیروگرفت نەبێت.

## هەموو زمانێک گیروگرفتی ڕێنووسی هەیە

هەندێک لە گرفتەکانی ڕێنووس لە نووسینی زمانەکاندا لەیەکتر دەچن، چونکە مەرج نییە ئەوەی لەسەر زار و لە دەم دەربچێت بتوانرێت بە نووسین وێنا بکرێت، یان ئەو مەبەستەی کە لە ئاخاوتندا بە گۆڕینی دەنگ و ڕوخسار دەردەبڕڕێت بتوانرێت لە نووسیندا دەربخرێت، ئەمەش گرفتێکە بۆ ڕێنووسی هەموو زمانەکان وەک یەک وایە.

ڕاستییەکەی گیروگرفتی ڕێنووس لە نووسینی هیچ زمانێکدا بەیەکجاری چارەسەر نەبووە، بۆیە کەس لاری لەوە نییە ئەگەر بڵێین گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردیش هەروەک گرفتی زمانەکانی تر هەرگیز بنەبڕنابێت، بەڵام نابێت ئەوە بەو مانایە لێک بدرێتەوە و بکرێتە پاساو بۆ ئەوەی بیر لە چارەسەری و کەمکردنەوەی گرفتەکانی ڕێنووسی کوردی نەکرێتەوە، یان جیاوازی ڕێنووس و هێشتنەوەی گیروگرفتەکانی بەئاسایی بزانین لە جیاتی گەڕان بە دوای ڕێگەچارەی گونجاو و تاقیکردنەوەی بیر و بۆچوونە جیاوازەکان، یان برەو بەو بیرۆکەیە بدەین کە دەڵێت ڕێنووسی کوردی بەهەموو گرفتەکانییەوە با هەروەک خۆی بمێنێتەوە، یان وا لێک بدەینەوە کە بە تێپەڕینی کات گرفتەکان خۆیان سەروبەر دەکەن لەجیاتی دانانی بیروبۆچوونی شیاو و لەبار و پشتگیریکردنی هەموو هەوڵێکی دڵسۆزانە کە بە مەبەست و ئامانجی نەهێشتنی جیاوازی و یەکخستنی ڕێنووسی کوردی بێت.

خزمەتکردنی زمان پرۆسەیەکە بە پێی ڕەخسانی بارودۆخ دەبێت، دروستبوونی گیروگرفت و ئاریشەکانیش لە ئەنجامی پێشکەوتن و گەشەی ئاسایی زمانەکاندا دروست دەبێت، بەڵام چارەسەرکردنی گرفتەکانی ڕێنووس بە ڕەچاوکردنی هەڵکەوتە و مێژووی نووسینی زمانە، یان بەپێی ئەو یاسایانە دەبێت کە وشەکان دەخاتە ئەو چوارچێوەیەی کە دەرچوون و دەرنەچوون لێی دەکاتە پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی ئاسایی و ناوازە لە نووسینی دەستەواژەکاندا، بۆیە دەبینین شارەزایانی هەر زمانێک بەرێچکە و ڕێسایەکی تایبەت گرفتەکانی ڕێنووس چارەسەر دەکەن، بێجگە لەو گرفتانەی کە بە تێپەڕینی کات و بە کاریگەرییەکانی خۆی چارەکردووە و ڕاهاتنی لەسەر دروست بووە، هەوڵیان داوە گرفتەکانی تریان بە پەیڕەوکردنی چەند یاسا و ڕێسایەکی تایبەت چارەسەر بکەن، بەڵام دەرکەوتووە کە بە هەموو هەوڵەکان هەرگیز

ئاریشـەکـانی ڕێنووس لە نووسـینی هیچ زمـانێکدا بە یەکـجـاری چارەسـەر نەبووە، بەڵکو تەنیـا توانراوە جیاوازییەکان کەم بکرێنەوە، ڕاست و هەڵە بەپێی چەند یاسـا و ڕێسـایەکی گـونجـاو لەیەکـتـر جیـابکرێنەوە، ڕێنووسی دەستەواژە ئاسایی و ناوازەکـان دەستنیشـان بکرێن، ئەمـــەش لەبەر ئەوەیە، چونکە بیـــرۆکـــەی یەکخستنی ڕێنووس و کەمکردنەوەی جیاوازییەکان لە نووسیندا بە دوو قۆناغ دەناسرێنەوە، قۆناغی یەکەم لە دوای پەیدابوونی نووسین سـەری هەڵداوە، قـۆناغی دووەمیش، بە دیاریکراوی لە دوای دروستکردنی ڕێزمان بیری لێ کراوەتەوە. ئەم دوو قۆناغەش وەک دوو قۆناغی جیا لەڕووی سەردەم و شێوەی بیرکردنەوەوە لە یەکتر جیـاوازن، چونکە لەسەرەتاوە نووسین وەک ئاوێنەیەکی ئاخاوتن بووە نەوەک ڕێککەوتن لەسەر یەکخستنی شێوە ڕێنووسـێک، پاشـان کـە سـەردەمـێک بە هەمـوو گرفتەکانییەوە بەسەر نووسیندا تێپەڕیوە و بیرۆکە و پێداویستی ڕێزمان و زمانی ستاندارد سەری هەڵداوە، ئینجا هاوتەریب و لەیەک کاتدا نووسین بەهەموو گرفت و ئاریشـە و شێـوەکـانی ڕێنووس قـۆناغی فـێـربوون و ڕاهاتنی بەسەردا تێپەڕیوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کـە هیچ زمـانێک بێ گـیـروگـرفـتی ڕێنووس نەبێت، بەراوردکـردنی گـرفـتـەکـانی ڕێنووسی کـوردی لەگـەڵ ڕێنووسی زمانێکی وەک عەرەبی، یان ئینگلیزی دەبێتە هۆی ئەوەی کە وا لێک بدرێتەوە کە گرفتەکانی ڕێنووسی کوردی نە چارەسەر دەکرێن و نە پێویست بەوە دەکات هەوڵی یەکـخـسـتنیـان بۆ بدرێت، بەڵکو لەوەش زیاتر وامـان لێ دەکات کـە هێشـتنەوەی گرفـتـەکـانمان بەلاوە پەسندتر بێت لەوەی ئەگـــەر ڕێگەچارەیەکی تر تاقی بکـەینەوە، چونـکە ڕێـنـووسی کـــوردی بە هەمـــوو گرفتەکانییەوە دەخەنە بەرانبەر ئەو گرفتانەی کە لەم زمـانانەدا بەناوازە هەژمـار دەکرێت، هەروەک دەشـزانین گرفتی ناوازە لە زمان بەگشتی و لە ڕێنووسدا جیاوازە، لەگەڵ گرفتە ئاساییەکان، چونکە گرفتە ناوازەکان چارە ناکرێن، بەڵام گرفتی ئاسایی دەتوانرێت ڕێگە چارەی بۆ دابنرێت.

بیـرمـەندانی ئەو زمـانانەی کە لە زمـانی کـوردی زیاتر خزمەت کراون و پێشکەوتوونە هەرگیز خۆیان بەم بیرۆکە نەزۆکە نابەستنەوە کە دەڵێت با گیروگرفتەکانی ڕێنووس هەروەک خـــۆیان بمێننەوە، چونکە ئەم زمــانانە وەک بنەمـایەکی بنچـینەیی، لە سـەرەتادا، چەند یاسـا و ڕێسـایەکـیـان بۆ ڕێنووسی زمـانەکـەیان داناوە، ئینجـا ڕێنمـایی و پێـشنیـارەکـانیـان لەسەر داڕشـتووە و لە ڕێنووسـدا پەیڕەویان کـردووە، پاشـان، ئەگـەر وشـەیەک، یان دەسـتەواژەیەک نەکەوتبێـتە بەر حوکمی ئەو یاسا و ڕێسـایانە، ئینجا بە دەگمەن و ناوازەیان هەژمارکردووە و گـوتوویانە با ئەم گـرفـتـە هەروەک خـۆی بمێنێـتـەوە تا ڕێگەچارەیەکی بۆ دەدۆزینەوە، بەڵام بەداخـەوە ئێـسـتـا هەندێک لە زمانەوانانی کورد هەموو گیروگرفت و دیاردە جیاوازەکانی ڕێنووسی کوردی دەخەنە بەرانبەر ئەو گرفتە ناوازانەی کـە لە ڕێنووسی زمـانێکی وەک عـەرەبی، یان ئینگلیزیدا هەیە، بەبێ ئەوەی ئەو ڕاستییە ڕەچاو بکەن کـە نووسـینی کـوردی بەهیچ بنەمـا و پێـوەر و یاسـا و ڕێسایەکی ڕێنووسی یەکگرتووەوە نەبەستراوەتەوە، بۆیە نابێت گـیـروگـرفـتـەکـانی ڕێنووسی کـوردی هەروەک گـرفـتـەکـانی ئەم زمـانانە هەژمـاربکرێن، بەڵکو دەبێت نووسـینی کـوردیش بە چەند بنەمـا و پێـوەر و یاسـا و ڕێسـایەکی ڕێنووسـەوە ببەسـتـینەوە، ئینجـا ئەگـەر وشـەیەک، یان دەسـتـەواژەیەک نەکەوتە چوارچێوەی ئەم بنەمـا و پێـوەر و یاسـایانەوە لە ئاسـایی و یاسـایی جیـابکرێتـەوە و ناوازەش بناسـرێتـەوە، ئەمـەش خـاڵی جیاوازییە لە نێوان بنیادنانی بیرکردنەوەی هەندێک لە بیرمەندانی کورد و غەیرەکورد.

**دیاردە جیاوازەکانی ڕێنووس**

زمـانی کوردی، کە زمـانێکی سـتاندارد و ڕێزمـانێکی یەکگرتووی نەبێت بێ گـومـان ناتوانرێت ڕێنووسـێکی یەکگرتووشی بۆ دروست بکرێت، چونکە وەک ئاشکرایە کـە ڕێنووس پێـوەندی بە ڕێزمـانەوە هەیە، ڕێزمـانیش لەوانە نییە بێ خوێندن و سەرنج ڕاگرتن و بەدواداگەڕان بچێتە مێشکانەوە، بە جۆرێک ڕاستەوخۆ وێنەی نووسین لەگەڵ داخوازی دەستوورەکانی ڕێزمان بگونجێت(١٥)

ئەو دیاردە جیاوازانەی کە لە نووسینی کوردیدا بەرچاو دەکـەون لە هەر ئەلفـوبێـیـەکـدا ڕێچکەیەکی تایبـەتیـان وەرگرتووە، لە ئەلفوبێی لاتینیدا نووسینی دوور و نزیکی بڕگە و وشەکان لەیەکتر و ئەم جیاوازیيانە دەردەکەوێن کە پیـــتی فـــەڕەنسی و تورکی و ئینگلیـــزی تێکەڵی یەکتردەکرێن لە هەڵبژاردنی پیـتەکاندا وەک ((ش)=-ŝ Roẑ- (j-zh-ẑ=) ژ (sir-shir-şir/ = شـیـر (s - sh Rozh -Roj...تاد، ئەمـــەش وادەکـــات نوێنەرایەتی پیتەکان بۆ دەنگەکان جیاوازی لێ دەرکەوێت، هەروەها بزوێنی کورتی(e) و درێژی(a) لە زۆر حاڵەتدا تێکەڵی یەکتر دەکرێن وەک لە (زەلال zalal= zelal=/ سەلام = salam= selam...تاد لە ئەلفوبێی عەرەبیشدا لکاندن و نەلکاندنی وشە و ئەفێکسەکان و کورت و درێژی (و-

ی) دوو دیاردەی بەرچاون لە ڕێنووسی دەستەواژەکاندا وەک - وشە، ووشە/ بون، بوون/ کەرکوک، کەرکووک/ ئابوری، ئابووری/- لادێ یی یە، لادێ ییە- لادێییە/ زایین، زاین/ جیاوازی، جیاوازیی/ هەڵ گرتن، هەڵگرتن/ پێک دادان - پێکدادان/ هەڵمگرت، هەڵم گرت - هەڵت دەگرت - هەڵتدەگرت/دەست لەکارکێشانەوە -دەستلەکارکێشانەوە/ جێ بە جێ کردن، جێ بە جێکردن، جێبەجێ کردن، جێبەجێکردن/ ڕوون کردنەوە، ڕوونکردنەوە/- گیان لەدەست دان، گیانلەدەستدان، گیان لەدەستدان، گیانلەدەستدان/ بەخاکسپاردن - بەخاک سپاردن/ ڕوون گۆڕ، ڕوونگۆڕ/ دەست درێژی، دەستدرێژی/ کەل وپەل، کەلوپەل، کەلووپەل/ - بێ دەسەڵات، بێدەسەڵات/ پەرتووک خانە، پەرتووکخانە...تاد

## بنەما بنەڕەتییەکانی ڕێنووسی کوردی

بنەما ئاوێنەی ئەو تایبەتمەندییانەیە کە نووسینی زمانێک بە شێوەیەکی خۆڕسک و بەبێ پلان، بەدرێژایی مێژووی نووسینی لێی دەردەکەوێت و لە ڕێنووسدا ڕەنگ دەداتەوە.

بنەما وەک چوارچێوەیە، کە هەموو تایبەتمەندییەکانی نووسینی زمان لەخۆ دەگرێت، هەروەها لە شێوەی دەستووریشە کە ناتوانرێت لێی لابدرێت، بەڵکو بەپێی پێویست و جیاکردنەوەی حاڵەتەکان، دەتوانرێت پێوەر و بڕگە و یاسا و ڕێسای شیاوی لێ هەڵبهێنجرێت، بۆ حاڵەتی دەگمەنیش ناوازە و لادەری لێ دەستنیشان بکرێت.

**بنەمای یەکەم:** وشە کوردییەکان چۆن دەردەبڕڕێن ئاواش دەنووسرێن.

**بنەمای دووەم:** هەر پیتێک بە تەنیا نوێنەرایەتی دەنگێکی تایبەت دەکات.

**بنەمای سێیەم:** نووسینی کوردی نووسینێکی فۆنەتیکییە، شێوەی فۆنیمی و بڕگەیی لە هەردوو ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینیدا بەکار دەهێنێت.

**بنەمای چوارەم:** بڕگە لە تاکە پیت پێک نایەت، بەڵکو هەموو بڕگەیەک لەدوو پیت و زیاتر دروست دەبێت.

**بنەمای پێنجەم:** لە هەموو وشەیەکی سادە و بڕگەیەکدا بزوێنێک هەیە، ئینجا لەوانەیە بزوێنەکە تەواو بێت، یان کورتە بزوێنێکی (بزرۆکە) بێت.

**بنەمای شەشەم:** هەموو وشە و بڕگەیەک بە نەبزوێن (constant) دەست پێ دەکات.

**بنەمای حەوتەم:** درێژکردنەوە و کورتکردنەوە و توانەوەی پیت و سوان و خوران و کلۆرکردن و گۆڕینی دەنگ بە پێی تایبەتمەندی شێوەزار و بنەزاری ناوچەیی لە ڕێنووسدا ڕەنگ ناداتەوە.

**بنەمای هەشتەم:** زمانی کوردی زمانێکی لێکدراوە، بۆیە نووسینی وشە و ئەفێکسەکان زیاتر بەیەکەوە دەلکێن.

**بنەمای نۆیەم:** وشە کوردییەکان لە دەنگەکانی ئەلفوبێی عەرەبی دروست دەبن.

**بنەمای دەیەم:** دوو پیتی بزوێن بە دوای یەکتردا نایەن، بەڵام دەشێت دوو پیتی نەبزوێن و زیاتر بەدوای یەکتردا بێن.

## بەکارهێنانی ئەلفوبێکان

بەکارهێنانی ئەلفوبێیە جیاوازەکان لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا خوێندەوارانی کوردی کردووەتە ڕاهاتووی ئەو ڕێنووس و ئەلفوبێیەی کە خوێندن و نووسینی لە هەر وڵاتێکدا پێ فێردەکرا، بۆیە کاریگەرییەکانی ئەم زمانانە بە پێی سەردەمەکان و هەلومەرج و ڕێککەوتەکان بە هەردوو بەشی ئاخاوتن و نووسین (زانستی ڕێزمان و ڕێنووس) لە زمانەکەمان ڕەنگی داوەتەوە، ئەگەرچی لە دەمێکی دێرینیشەوە خوێندنەوە و نووسین لە کوردستاندا بەکارهێنراون، بەڵام ئەوەی تا ئێستا ئێمە دەیزانین، ئەو نووسینە کۆنانە، بە زۆری هەر بەو زمانانە بوونە کە لە کوردستاندا بۆ خوێندن بەکار دەهێنران، وەک فارسی و تورکی و عەرەبی، ئەوەیش بە زمانی کوردی بووە بەدەستخەت ماوەتەوە(١٦)

کوردانی باشوور بە ڕێنووسی عەرەبی و ڕۆژهەڵات بەلاسایی فارسی، کوردانی باکوور بە لاتینی و ڕۆژئاواش بەکاریگەری باکوور، کوردەکانی سۆڤیەتی جارانیش بە ئەلفوبێی سیریلی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە خوێندەوارانی کورد لەیەکتر بێ ئاگا بن، چونکە هەر وڵاتێک بە تایبەتمەندی خۆی ئەلفوبێیەکی بەکارهێناوە و بەسەر خوێندەوارانی کوردیاندا سەپاندووە، بیستەکانی سەدەی ڕابوردوو بۆ کوردستانی باکوور و نووسینی کرمانجی ژوروو بەگشتی قۆناغێکی جیاکەرەوەیە، چونکە دەوڵەتی تورک نووسین و ئەلفوبێی عەرەبی بۆ لاتینی گۆڕی و کوردانیش بە ناچاری و لە هەمان کاتدا بە ویستی خۆشیان لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە ئەلفوبێی لاتینی زیاتر بۆ نووسینی کوردی گونجاوە، ئەم ئەلفوبێیەیان بەکارهێنا، ئەو چاپەمەنییانەی بە کرمانجی ژوروو لە سووریا و لە ساڵانی یەکەمی پاش یەکەمین جەنگی جیهانی لە ئیستەنبوڵ دەرچوون،

هەرچەندە زمانی ئەم ئەدیبانە لە زمانی ئەدەبیاتی کلاسیکی ناوەڕاست نزیکن، بەڵام لەژێر کاریگەری بە هێزی زمانی فەڕەنسی و تورکیدان، نووسینی لاتینییان لەسەر بناغەی ئەو لاتینییە تازەیەی کە لە تورکیا هەیە وەرگیراوە(١٧)، هەروەها حەفتاکانی سەدەی بیستەمیش قۆناغێکی جیاکەرەوەیە لە نێوان دوو سەردەمی جیاواز بۆ نووسینی کوردی بەئەلفوبێی عەرەبی، چونکە ڕێنووسی کوردی لە پێش حەفتاکاندا لەو قۆناغە دانەبڕابوو کە لە دوای بە ئیسلامبوونەوە دەستی پێ کردبوو، ئەگەر هەوڵە تاکەکەسییەکانی وەک مامۆستایان تۆفیق وەهبی و سەعید کابان و نووری عەلی ئەمین و...تاد بخەینە ئەولاوە، چونکە هەموو نووسینەکان بە لاسایی و کاریگەری زمانی عەرەبی، یان فارسی، یان تورکی عوسمانی بوون، بەڵام لە دوای حەفتاکان کە کۆڕی زانیاری کورد دامەزرا و وەک دەزگایەکی تایبەت بە زمانی کوردی، بەپێی توانایی هەوڵی تێدا درا کە ڕێنووسی کوردی ئەو تایبەتمەندییە وەربگرێت کە هەیەتی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە قۆناغێکی جیاوازی بە دوادا بێت و زەمینەی بیرکردنەوە بە تایبەتمەندی زمانی کوردی بێتە کایەوە، چونکە چەندان پێشنیاری بۆ ڕێکخستنی ڕێنووسی کوردی دانا، لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، هەندێکی پەیڕەوکرا و هەندێکی تری بووە هەوێنی ئەوەی کە بیرکردنەوە و پێشنیار و ڕێنمایی تری لێ هەڵبهێنجێنرێت، پێشنیارەکانی کۆڕ بووە بناغەیەکی زانستی کە ئێستا پشت بە بیروبۆچوونەکانی دەبەسترێت و پێشنیاری تری لەسەر بنیاد دەنرێت.

بەشێوەیەکی گشتی خوێندەوارانی کورد لە ڕابوردوودا بە دوو شێوە بیریان لە نووسینی کوردی و بەکارهێنانی ئەلفوبێکان کردووەتەوە کە بۆ پەیڕەوکردنی شێوە ڕێنووسێک کاریگەری لەسەر ڕێڕەوی چارەسەرییەکاندا هەبووە.

**یەکەم:** بەپێی باکگراوندی ڕۆشنبیری ئەو خوێندەوارەی کە بە چ زمان و ئەلفوبێیەک فێری خوێندەواری دەبوو، بێ گومان ئەویش لەهەر پارچەیەکدا جیاوازی لەگەڵ پارچەکەی تردا هەبوو، هەروەک دەشزانین لە پلەی یەکەمدا عەرەبی، یان فارسی بووە، ئینجا تورکی، چونکە لەدوای هاتنی ئیسلام تا لەناوچوونی دەوڵەتی عوسمانی قوتابیانی کورد هەر دوای خەتمکردنی قورئان و لە قوتابخانەدا فێرە زمانی فارسی و لە مزگەوتدا فێری زمانی عەرەبی و لە مەکتەبە ڕەسمییەکانی عوسمانیدا فێری تورکی دەبوون(١٨)، بۆیە زمانی کوردی هەر وەک زمانی ئاخاوتنی دوور لە دەسەڵات مابووەوە و نەدەتوانرا لە هیچ ڕێگەیەکەوە خزمەت بکرێت، پاڵپشتی ڕێگەچارەی گرفتەکانی بکرێت، کەچی بەهۆی هەبوونی دەسەڵاتەوە نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورک بەپێی قۆناغەکان توانییان چەندان دامودەزگا بە مەبەستی خزمەتکردنی زمانەکانیان دابمەزرێنن، زمانی عەرەبی بەهۆی ئایینی ئیسلام و ناوەندە فەرهەنگییە بەهێزەکانی قاهیرە و شام و بەغدا و مەککە و مەدینە، زمانی فارسی بەهۆی زیندووکردنەوەی مێژووی ئێران و ناوەندە فەرهەنگییە بەهێزەکانی خۆراسان و تەورێز و شیراز و مەشهەد و ئەسفەهان و تاران، زمانی تورکی لەدوای ئەوان بەهۆی دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانییەوە، ئەم زمانانە وەک زمانی کاروباری دەوڵەتداری و زمانی نووسینی ئەدەبی لە ناوچەکەدا بڵاوبوونەوە(١٩)، ئەگەرچی لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکاندا زمانی کوردیش لە پەیڤینەوە گۆڕا بۆ زمانی نووسین، بەڵام تەنیا لە سنووری شیعردا مایەوە، لەبەر ئەوەی ئەم میرنشینانە لەسەر بناغەیەکی کولتووری سیاسی دروست نەبوون، بۆیە هەوڵیان نەداوە تا پرۆسەی پێشکەوتنی زمانی کوردی درێژە پێ بدەن(٢٠)، کەچی دەوڵەتی ئێران و عوسمانی سەرەڕای ناوەرۆکی ئایدیۆلۆژیای بە ئایینیان و گرنگی زمانی عەرەبی وەک زمانی قورئان، کەچی لە هەموو بوارەکانی فیکر و زانستدا بە زمانی خۆیان هانی نووسینیان دەدا(٢١).

**دووەم:** بەپێی هەبوونی ڕادەی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی تاکەکەسی بووە، وەک لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی و نالی و حاجی قادری کۆیی...تاد ڕەنگ دەداتەوە، ئەمەش هەستێکی خۆڕسک و بەبێ پلان و دوور لە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە بووە، لەناخی خوێندەوارێکی کوردی بێ پشت و دەسەڵات و دڵسۆز هەڵقوڵاوە، چونکە لە هیچ سەردەمێکدا پاڵپشتی دەسەڵات وەک بەرنامەیەکی سیستماتیکی بۆ سەپاندنی شێوە ڕێنووسێک نەبووە کە لەلایەن دامودەزگایەکی شەرعی دەسەڵاتەوە بسەپێنرێت، بۆیە ئەم هەست و هەوڵە تاکەکەسیانە هیچ کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەیان لەسەر چارەسەرکردنی گرفتەکانی ڕێنووسی کوردیدا نەبووە، نەتوانراوە دڵسۆزی و بیرکردنەوەیان بکرێتە بڕیار، یان ڕایەکی یەکلاکەرەوە و گشتگیر و جێبەجێ کراو کە هەموو لایەنێک پێیەوە پابەندبن و لە ڕێنووسی کوردیدا ڕەنگ بداتەوە، بۆیە ئەو دڵسۆزییەی کە هەشیانبووە هەروەک بیروبۆچوون و پێشنیاری تاکە کەسی ماوەتەوە.

ڕێنووسی کوردی بە هەموو گیروگرفتەکانییەوە لەگەڵ

هەموو ئەو کەند و کۆسپ و تەگەرانەی کە لەبەردەمیدا دانراوە، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر دڵسۆز و خەمخۆرانی توانیویانە بە تێپەڕینی کات هەندێک ئاریشەی تێدا سەروبەر بکەن و لەگەڵ نووسینی کوردیدا بیگونجێنن، لەئەلفوبێی عەرەبیدا وەک - ڕزگاربوون لەسەر و بۆر و ژێری عەرەبی بە گۆڕینی بۆ (ە - و - ی)- جێگیرکردن و دەستنیشانکردنی نیگار و هێما بۆ پیت و دەنگەکان بەپێی دەربڕین و ئاخاوتنی کوردی وەک (ژ - چ - پ - ڤ)- نەهێشتنی (و)ی کەشیدە لەسەر لە شوێنی دوو(وو) - نەهێشتنی دوو(رر) لە شوێنی (ڕ)ی قەڵەو- نەهێشتنی (ی) خاڵدار لە شوێنی بزرۆکە (i)- دەرهاوێشتنی ئەو دەنگانەی کە لە وشە کوردییەکاندا نییە بەگۆڕینی بە دەنگ و پیتێکی نزیک کە لەکوردیدا هەیە وەک (ظ-ض-ذ) کراون بە (ز)/ (ص-ث) کراون بە(س)/ (ط) کراوە بە (ت) - جیاکردنەوەی دەنگی (ه) لە (ە) وەک دوو دەنگ و فۆنیمی سەربەخۆ لە جیاتی تێکەڵکردنیان...تاد، بەڵام لە ئەلفوبێی لاتینیدا لەگەڵ ئەوەی نووسینی کوردی بەم ئەلفوبێیە مێژووییەکی هێندە کۆنی نییە بە بەراورد بە مێژووی نووسین بەئەلفوبێی عەرەبی، بەڵام بێ گومان کە لەگەڵ ئەوەی هەوڵ دراوە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی بگونجێنرێت، بەڵام ئەویش بێ گیروگرفت نییە، چونکە هەروەک ئەلفوبێی عەرەبی هەر ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساوە کە زمانە باڵا دەستەکان بۆیان ڕەخساندووە.

**پەراوێزەکان:**


١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێنووسی کوردی لە ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری ئێراق، بەرگی دەهەم، ١٩٨٣، لە پەراوێزدا، لا٩٨.

٢- ئیبراهیم ئەمین باڵدار، زەنگی کاروانی ڕێنووسی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری ئێراق، بەرگی نۆیەم، لا ٨١، ١٩٨٢.

٣- ڕێنووسی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦.

٤-گۆڤاری کۆڕی زانیاری ئێراق، دەستەی کورد، لەبارەی چاککردنی زمانی تورکییەوە، نووسبنی بارات ئوسمانۆڤا، وەرگێڕانی شوکور مستەفا، بەرگی ٧، ١٩٨٠، لا٦٠.

٥- مێژووی میسۆپۆتامیا و زاگرۆس پێش ماد تا ساسانییەکان، وەرگێڕانی، ئەردەلان مام وسوو دزەیی، بەرگی دووەم لا٨.

٦-پوختەیەک لەبیروباوەڕی زەردەشتی یان فێرکاری مووغەکان، پرۆفیسۆر، رس زیهنەر، وەرگێڕانی، ئازاد حەمە شەریف، چ١، چاپخانەی ماردین، ٢٠٠٠، لا٦٦.

٧- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری ئێراق، دەستەی کورد، کورتەیەکی مێژوویی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بەرگی هەشتەم، ١٩٨١، لا٦٨.

٨- ڕێنووسی کوردی لەسەدەیەکدا، حامید فەرەج، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، لا٧، ١٩٧٦.

٩- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، گۆڤاری کۆڕی زانیاری ئێراق، دەستەی کورد، بەرگی هەشتەم، ١٩٨١، لا٦٨.

١٠- ذخائر التراث الكوردي في خزائن بطرسبورغ، جودت هوشيار، ص٨٤.

١١- ڕێنووسی کوردی لەسەدەیەکدا، حامید فەرەج، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، لا٢٥.

١٢- شاکر فەتاح، گۆڤاری کۆڕی زانیاری ئێراق، دەستەی کورد، گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی و شێوەی چارکردنیان، بەرگی نۆیەم، ١٩٨٢، لا١١٢.

١٣- ناسینالیزمی شوانکارەیی نووسینی فەریدە کوهی کەمالی، وەرگێڕانی د، یاسین سەردەشتی چ١، لا٢٢٧.

١٤-پیتۆکەکانی زمانەوانی، پرۆفیسۆر. د، وریا عومەر ئەمین، چاپی یەکەم، ٢٠١١، لا١٥٧.

١٥- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، مەسعوود محەمد، بەرگی چوارەم، ١٩٧٦، لا ٢٥٠.

١٦- زەنگی کاروانی ڕێنووسی کوردی، ئیبراهیم ئەمین باڵدار، گۆڤاری کۆڕی زانیاری ئێراق، دەستەی کورد، ١٩٨٢، بەرگی ٩، لا٨٢.

١٧- ((هەندێک بیروباوەڕی هەڵە لە بارەی زمان و مێژووی کوردەوە، پرۆفیسۆر، قەناتی کوردۆ، وەرگێڕانی، د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، پێداچوونەوەی، د. کەمال مەزهەر، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٣، لا٨٠.

١٨-گۆڤاری چریکەی کوردستان، تۆفیق وەهبی، بەرگی یەکەم، ٢٠١١، لا١٣.

١٩- نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، چاپی دووەم، ٢٠١٢، لا٢٤٣.

٢٠-ناسیونالیزم و کولتووری کورد، بابەتی ڕووناکبیری(٣)، د، ڕەفیق سابیر، ٢٠٠٥، لا٤٤.

٢١- هەمان سەرچاوەی پێشوو.